# "شانۆی ئەن دێر روهر "کام" پەنجەرەیە بەسەر شانۆی کوردییەوە"؟!*

برایم فەرشی (بارام)، ئەڵمانیا

**دەروازەی باسەکە:**



لە مانگنامەی رامان[2] ژمارەی 111 رێکەوتی 5ی ئاگوستی 2006دا، بابەتێك لەژێر سەردێڕی "ئەندەر رۆهەر پەنجەرەیەکە بەسەر شانۆی کوردییەوە" لە نووسینی موحسین محەمەد لە چاپ دراوە، کە دەتوانێ ببێتە هۆی باسێکی جیدی بۆ گفتوگۆکردن لەمەڕ ستراتیژی شانۆی باشوری وڵاتو پێوەندییەکانی لەگەڵ شانۆی دەرەوەی کوردستان. کاك موحسین زۆر بە دروستی دەڵێ: "خاسیەتی هەر هەموو حکومەتەکان بەرامبەر بە شانۆی کوردی ئەوە بوو، رێگە نەدەدرا بەهیچ شێوەیەك شانۆی وڵاتانی

ئەورووپی و تەنانەت عەرەبیش بێتە ناو کوردستان و لەسەر شانۆکانی کوردستان، بۆ بینەری کورد و شانۆکاری کورد، ئەزموونەکانیان نمایش بکەن".

**داخراویی شانۆی باشوری کوردستان:**

لەڕاستیدا شانۆی باشوری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی عیراقدا شانۆیەکی داخراو بووە، کەسایەتیی شانۆ لەباشوری کوردستان گرێدراوی قەوارەی سیاسی و ئیستانداردی فەرهەنگی عیراق و میللەتی عەرەب بووەو لەحاڵەتی دەڵەمەییدا ماوەتەوەو نەکەوتۆتە ناو پرۆسەیەکەوە هەتا پێناسەی کوردی و یان نەتەوەیی و یا کوردستانی پەیدا بکات. کاک موحسین دەیتوانی لەدرێژەی باسەکەیدا باس لەوەش بکات کە ئایا شانۆی کوردستان پاش ساڵی 1991 واتە پاش دەرکردنی سەدام لەو بەشەی باشوری کوردستان هەر بە داخراوی ماوەتەوە یان سیمایەکی تری پەیدا کردووە؟

پاش رووخانی رژێمی سەدام و نەمانی گەمارۆی سیاسی و ئابوری لەسەر عیراق، کوردستانیش هەر بەهۆی عیراقیبوونەکەیەوە دەرگای دەرەوەی بەڕوودا کرایەوە. سەفەری کاک موحسین و وەفدەکەیان و بەر لەوان سەفەری کاک ئەحمەد سالار و وەفدەکەیان بۆ شاری مولهایم ئەن دێر روهرو سەفەری رۆبێرتۆ چولی بەر لەوان بۆ کوردستان، دەبێ بەرهەمی هەڵگرتنی ئەم گەمارۆیە لەلایەن وڵاتانی رۆژئاواوە بێ، کە دەتوانێ "کرانەوەی پەنجەرەیەک" بێت بەرەو رووی باشووری کوردستاندا، ئەوەی کرانەوەی ئەم پەنجەرەیە چی بۆ شانۆی کورد بەدیاری دەهێنێ و چیی لێ وەردەگرێ؟ لەلایەن کاک موحسین و ئەندامانی هەردوو وەفدی کوردستانەوە، کە سەردانی شانۆی ئەن دێر روهریان کردووە، بە ڕوونی باس نەکراوە.

**پەنجەرەی جیهانی شانۆ:**

کاک موحسین لەبەرانبەر ئەم داخراویەدا، هاتنی چولی بۆ کوردستان و هاتنی خۆیان بۆ شاری مولهایم و پرۆتۆکۆل ئیمزاکردن لەگەڵ ئەم شانۆیەدا، بە کرانەوەی پەنجەرەیەکی شانۆی جیهانی بەرەوڕووی کوردستانی داخراودا دەبینێ. ئەگەر ئەم بۆچوونەی کاک موحسین راست بێ، ئەوە شانۆی کوردستان قەڵەمبازی داوەو هەر قەڵەمبازێکیش دەتوانێ سەرشکانی لەدوا بێ. وەک چۆن لە ئێرانی شاهەنشاهیدا شانۆ قەڵەمبازی وای داو بەداخەوە مل شکانی شانۆی ئێرانی لەدوا بوو، هۆیەکەشی ئەوەبوو ستراتیژی شانۆی ئێران لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەی رۆژئاوا دەسووڕاو پشتی لەمێژوو و فەرهەنگ و میراتی شانۆی خۆی کردبوو، هاتنی گەورە گەورەکانی شانۆی ئەو سەردەمی جیهانیش بۆ تاران و شیراز و بەستنی دەیان چەشنە ورک شۆپ و فستیواڵی جیهانیش لەتاران و بوونی دوو زانستگای شانۆش نەیتوانی کەسایەتی بۆ شانۆی وڵاتێک بەناوی ئێران پێک بێنێ، ئێستاش کردنەوەی ئەو "پەنجەرەیە" بەرەوڕووی شانۆی کوردستان دەبێ بەجیدی باسی لێوەبکرێ، بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەرگیرێ و نەبێتە مایەی پڕوپاگەندەو بەفیڕۆدانی پارەی میللەتەکەو شێواندنی شانۆ.

ئـەو بۆچـوونەی كـاك موحـسین كـە پێوەنـدیی خۆیـانو شـانۆی مولهـایم ئـەن دێـر روهـر بـە پێوەندییەكی شانۆی جیهانی بە بینەرو خوێنەری كورد دەناسێنێو چوڵ بە شانۆوانێكی جیهانی پێناسە دەكات، مەسـەلەی كوردو شـانۆی پڕ لـە گرێو گۆڵی كورد نییـە. كاك موحسین لـەجیاتی ئەوەی باس لەداڕشتنی بەرنامەیەكی جیدی بۆ چارەسەری گرفتە سەرەكییەكانی شانۆی كوردی بكاتو پرۆژەی خۆیانو شانۆی مولهایم بۆ هەڵستانەوەی شانۆی باشوری كوردستان باس بكات ئەو پەیڤانە بەكاردەهێنێ، كە دەردێكی شانۆی كورد دەرمان ناكات، فەرمایشتەكانی كاك موحسین درێژەی فەرهەنگێكە كە هـەمووی ئێمـە وەك تـاكی كـورد لەگـەڵی ئاشنـاینو فەرهـەنگی هەموومانـە، تەوفیریش ناكات هونەرمەند بین یان سیاسەتمەدار یاخود قوماشفرۆشێكی كورد.

**دوو سەنعەتی كوردانە:**

ئـەم فەرهەنگـە دوو سـەنعەتی لێدەكەوێتـەوە، كـە هونەرمەنـدو سیاسـەتمەداری ئێمـە بەباشـی بەكاری دەهێنن، كە ئەڵبەتە سەنعەتی كوردانەو بگرە سەنعەتی رۆژهەڵاتییە، لەوانە سەنعەتی تورك‌و فارس‌و عارەبیـشە، یەكـەمیان: "سـەنعەتی ئیغـراق" و لەڕادەبـەدەر گەورەكردنـەوەی ئـەو شتەیە كـە باسـی دەكـەین یـان ئـەو كارەیـە كـە ئـەنجامی دەدەیـن، دووهـەم: "سـەنعەتی بـەهیچ" كـردن یـان بێبایەخكردن‌و داڕزاندنی، ئەو شتەو كارەیە كە هی بەرنابەرەكەی ئێمەیە، كە ئێمەی كورد بەنەیاری خۆمـانی لەقەڵـەم دەدەیـن. بەكارهێنانی ئـەو دوو سـەنعەتە رێگـا لەبـەر ئـەوە دەگرێ بابەتیانـە بـاس لەمەسـەلەكان بكـەین. بـەكارهێنانی ئـەو سـەنعەتە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بابـەتی سـەرەكی بكەوێتـە پەراوێزەوەو بابەتی لاوكی جێگای بابەتی سەرەكی بگرێتەوە، ئەم سەنعەتەش لەسـەردەمی سـەدام‌و بەر لەو و دوای ئەو هەبووەو ئێستاش هەیەو بەكاردەهێندرێ.

**ئاستی عیراق‌و خاسیەتی جیهانی شانۆكاری كورد:**

ئـــەوەی پێوەنـــدیی بـــە هونەرمەنـــدان بەتایبـــەت هونەرمەنـــدانی شـــانۆو مۆســـیقای باشـــوری كوردستانەوە هەیە، ئەوە بوو كە هەر كارێكی هونەریی كوردی بۆ باشی، بە عیراقی بوونەوەكەیـەوە هەڵدەسەنگێندرا، نەك بە چۆنیەتیی كارەكە خۆی‌و ئیستانداردی هونەریی هونەرەكە، بۆ وێنـە فلان گروپ دەیگوت ئەو شانۆنامەیەی ئێمە، یان ئەو فیلمەی ئێمە، یان ئەو مۆسیقایەی ئێمە لەسـەر ئاستی عیراق یەكەم هاتۆتـەوە، نـە جارێك بـەڵكو ئەوەنـدە جـار. "ئاسـتی عیـراق" بـۆ سـەرجەم ئـەم هونەرمەندە كوردانە، ئیستانداردی باوەڕپێكراو بوو بۆ باشیی كارەكەو هونەرەكە، بەڵام لەتـەواوی ئەو سالانەدا وەڵامی ئەم پرسیارە نەدراوە كە "ئاستی عیراق" چییەو چۆن پێناسـە دەكرێ؟ ئاسـتی شانۆی عیراق لە80ساڵی رابوردوودا لەچاو شـانۆی وڵاتـانی تـری عـەرەبی، وەك میـسرو ئەلجـەزیرەو مەراكش چی بووە؟ كە دەبێتە پێوانە بۆ باشیی شانۆی كوردستان. لە قسەكانی كاك موحسین–یشدا هاتووەو دەفەرموێ: "شانۆكارانی عـەرەبی عیراقی زۆر چاك دەیانزانی شانۆكاری كورد خاسـیەتی شانۆی جیهانی پێوە دیارەو لەڕۆژنامەكان ئەمە بە بوێرییەوە گوتراوە".

ئەوەی ئەم خاسیەتە جیهانییە چییەو شانۆكاری كورد لەبەغدا لەژێر دەسـتی عەرەبەكانـدا فێـری شـانۆ بـووە، چـۆن ئـەو خاسـیەتانەی پەیـدا كـردووە؟، وەڵامەكـەی بـۆ كـاك موحـسین بـەجێ دەهـێڵین.

ئەگەر بە وتەی ڕێزدار موحسین محەمەد ئەم ئیستانداردو خاسیەتە جیهانییەی شانۆی کوردی وجودی هەبووە، ئەدی پاش سەدام ئەو شانۆکارانەو خاسیەتەکانی جیهانی شانۆکاری لە کوردستان چیی لێ بەسەر هاتووەو لە15ساڵی رابوردوودا بۆ کوێ هەڵکشاوە؟ ئایا ئەم پەیڤو گفتانە لە باسکردنی جیدیی گیروگرفتی شانۆی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان دوورمان ناخاتەوە؟ ئایا ئەم پەیڤانە بەرهەمی سەنعەتی "ئیغراق " نین، کە ئێستا لەهەموو بوارەکاندا بەکاردەهێندرێن؟ ئەگەر شانۆکاری کورد خاسیەتی شانۆی جیهانی پێوە دیاربووبێ، ئیتر مانای نییە ئێستا (ساڵی 2006) پەنجەرەی شانۆی جیهانی بەرەو رووودا کرابێتەوە.

**سەنعەتی کوردانەو شانۆی جیهانی تورك و ئاڵمان:**

کاك موحسین هەر لەو سەنعەتە کەڵك وەردەگرێ کاتێك باس لەشانۆی تورك[3] یان شانۆی ئەن دێر روهرو چوڵی دەکات. کاك موحسین بە دیتنی چەند شانۆ لەدوو وڵاتی تورکیاو ئاڵمان وا نیشان دەدا کە ئەو چەند شانۆیە ئاوێنەی بالانوێنی شانۆی ئەو دوو وڵاتەیەو خاسیەتەکانی شانۆی جیهانییان هەیە، بە پشتبەستن بەو سەنعەتەیە کە شانۆی ئەن دێر روهریش دەبێتە شانۆیەکی جیهانیو رۆبێرتۆ چۆلیش دەبێتە کەسێك وەك پیتێر برۆك، ئۆژینۆ باربای هاووڵاتی چوڵیو یان کەسێك وەك ئاگۆستۆ بوالو کەسانی تر.

ئەو هەڵسەنگاندنەی کاك موحسینو بەر لەو کاك ئەحمەد سالار لەسەر ئاستی شانۆی مولهایم ئەن دێر روهر، بەهەمان ربە و کیلۆ، کێشکراوەو بەهەمان قەپانی ئاستی عیراق سەنگکراوە، کە لێرە جیهان لەجێگای عیراق داندراوە. کاك موحسین روونی ناکاتەوە کە گەلۆ ئاستی شانۆی تورکیاو ئاستی شانۆی ئاڵمان چییەو چۆن جیهانییەو شانۆی ئەن دێر روهر و ئەو شانۆیانەی کە ئەوان لەتورکیا دیتویانە لەگوێرەی هەڵسەنگاندنی ئەوان چۆن جیهانینو باسکردنی ئەم قسانە بۆ چ مەبەستێکە. ئەم قسانە لەڕێگای تەلەفزیۆنو رۆژنامەو گۆوارەکانەوە گەیشتۆتە خەڵکی ئێمە لەکوردستان، کە رەنگە باوەڕیان بەو قسانە پەیداکردبێو دڵیان خۆش بێ کە شانۆی کوردستان پەنجەرەی شانۆی جیهانی بەرەو رووودا کراوەتەوەو جادەی بەجیهانی بوونی شانۆی کوردی 6 باندە ئەسفالت کراوەو تەنیا کارێك کە دەکەوێتە سەر شانۆوانی بێ ئاوو کارەباو هۆڵی شانۆی کوردستان، ئەوەیە لەو جادەیە سواری ماشینی جیهانی شانۆ بن، کە شۆفێرەکەی رۆبێرتۆ چولییە!، بەوەش بەجیهانی کردنی شانۆی کورد حەتمیە.

خەڵکی ئێمە چ لە ڕێگای دەزگاکانی رادیۆو تەلەفزیۆنەوەو چ لەڕێگای گۆوارو رۆژنامەکانەوە مافی ئەوەیان هەیە کە زانیاریی دروستیان پێشکەش بکرێ، ئەوان مافی ئەوەیان هەیە بپرسن کە چۆن شانۆیەکی بێناز کە زۆربەی زۆری شانۆوانەکانی باشوری کوردستان باوەڕیان وایە شانۆ لە گیانەڵادایە، بە بەستنی قەراردادێکی هەژارانە لەگەڵ شانۆیەکی یەکێك لەشارەکانی ئاڵمان، پەنجەرەی شانۆی جیهانی بەرەو رووودا دەکرێتەوە.

**مێژووی شانۆی ئاڵمانو تاقە شانۆیەك:**

شانۆی وڵاتێکی وەك ئاڵمان کە زیاتر لەهەزاران گروپو سەدان دەزگای شانۆیی تێدایەو ساڵانە دەیان فستیواڵی ناوچەییو ئوروپیو جیهانیی تێدا بەڕێوەدەچێ، بە تاقە شانۆیەك کە لەساڵی

1981دا سازکراوەو یەکێك لە شانۆکانی شاری مولهایمەو تەنانەت شانۆی دەوڵەتی و پرۆڤیسیۆناڵی شارەکەش نییەو شانۆیەکی تەواو شەخسییەو بە پارەی دەوڵەتی و شەریکات و دەرامەتی کەمی خۆی و مامەڵاتی دەرەوەی بەڕێوەدەچێ، پێناسەناکرێ و زیاتر لەو نرخەی کە هەیەتی نابێ بەخەڵکی کوردستان بفرۆشرێ.

لە ئاڵمان هێشتا ئەو تەلارە شانۆییانە کە لەسەدەی 16دا دروستکراون ماون و هەر ئێستاش درێژە بە پرۆگرامی رۆژانەی شانۆیی خۆیان دەدەن، بەو حاڵە ئەو شانۆیانە رەنگدانەوەی هەموو رەگەکانی شانۆی ئاڵمان نین، چ بگا بەوەی وەك شانۆی جیهانی پێناسە بکرێن. جگە لەوە کەس لەئاڵمان باس لە شانۆیەك بەناوی شانۆی نەتەوەییش ناکات، لەبەر ئەوەی مێژووی هەر شانۆیەك و بەرهەمەکانی و رێچکەی کاریان لەگەڵ ئەوی تر تەوفیریان هەیە، بەڵام لە زۆربەی شانۆ بەناوبانگەکانی ئاڵمان "ئیستاندارد"ی جیهانی شانۆ رەچاودەکرێ، کە خۆی لە پرۆڤیسۆنالیتێت لەهەموو بەشەکاندا دەبینێتەوە، کە درێژەی مێژوو و تەجروبەی شانۆی ئاڵمانیشە. ئەوەی چۆن لەلای کاك موحسین و هەوالانی، شانۆی ئەن دێر روهر وێنەیەکی شانۆی جیهانییەو جیهانیبوونەکەی چۆن دەردەکەوێ و پێناسەدەکرێ؟ روون نییە.

**شاری مولهایم و شانۆی ئەند ێر روهر:**

شاری مولهایم ئەن دێر روهر یەکێك لەشارەکانی ئەیالەتی نوردراین و وێستفالنی ئاڵمانەو 171313 کەس دانیشتووی هەیە، کە 16952 کەسیان بیانین، کە یەکێك لەوانە بەڕێز رۆبێرتۆ چولییە. لەم شارەدا وەك شارەکانی تری ئاڵمان کاری فەرهەنگی لەوانە شانۆ بەگوێرەی مێژووی وڵاتەکەو ناوچەکان کارێکی رۆژانەیە. لەشاری مولهایم ئەن دێر روهر کۆمەڵێك تیپی شانۆو ماڵی شانۆ هەیە، کە یەك لەوانە شانۆی ئەن دێر روهرە، کە بونیادنەرەکەی رۆبێرتۆ چولی و دۆستەکانیەتی. شانۆی شاری مولهایم بە شانۆی ئەن دێر روهرەوە لەچاو شانۆی شارەکانی تری ئەو ئەیالەتە، وەك ئاخن، دوسلدۆرف، دویسبورگ، ئێسن، دۆرتموند، بۆن و کۆڵن شانۆیەك نییە کە رەدەی لەسەرتر بێ، بەتایبەت لەبەرانبەر دوو شاری بۆن و کۆڵن، کە لەو شارەی دووهەمیاندا دانیشتوانی خەڵکی شاری مولهایمە، واتە زیاتر لە (60)شانۆی پرۆڤیسۆناڵی دەوڵەتی و خسوسی هەیە. تەنها ژمارەی دانیشتوانی خەڵکی بیانیی کۆڵن بە قەرا هەموو دانیشتوانی شاری مولهایمە، واتە زیاتر لە سەدو حەفتاو چەند هەزار کەس بیانی لەو شارە دەژین، کە زۆربەیان شانۆی تایبەت بەخۆشیان هەیەو هێندێکیان لەهەموو ئاڵمان و وڵاتانی ئورووپی بەهۆی چەشنی کارو ئستیل و تەکنیکی هونەرییان بەناوبانگن و کەمتر لەشانۆی چولی نین.

**رۆبێرتۆ چولی و فەلسەفەی دیالۆگی فەرهەنگی:**

رۆبێرتۆ چولی[4] وەك کەسێکی بیانی نە ئاڵمانی، یەکێك لە سەرکەوتووترین شانۆکارانی بیانی بووە لەئاڵمان، کە لەشارەکانی بەرلین و دۆسلدۆرف و گوتینگێن و کۆڵن وەك دەرهێنەر لە30ساڵ لەوەبەرەوە کاری کردووە. ئەو کە بەڕەگەز ئیتالییەو لە وڵاتەکەی خۆی فەلسەفەی خوێندووەو پاشان هەڵوەدای ئاڵمان بووەو خۆی لەشانۆدا دیتۆتەوە، توانیویەتی لەگەڵ Helmut Schafer و

Gralf-Edzard Habben شانۆی ئەن دێر روهر دابمەزرێنێ و بینەری خۆی پەیدا بکات و لە هێندێك لایەنی کاری و سیاسی و مامەڵاتییەوە ناوی بێتە ناو دەزگاکانی راگەیاندنی ئاڵمانەوە، لەوانە هاوکاریی فەرهەنگی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و رژێمی عێراق و وڵاتانی دیکتاتۆری ئامریکای لاتین. چولی لەلای هێندێك لە سیاسەتمەدارانی ئەیالەتی نوردای وێستفالن پەسەند بووەو چەند جارێك خەڵاتی ئەو ئەیالەتەو چەند وڵاتی ئوروپی لەوانە لەهستانی وەرگرتووە.

رۆبێرت و مەنێجێری سیاسی و ئابوری شانۆکەی و سەرجەم بەرپرسانی بەشەکانی شانۆکەی بۆ راگرتن و بەردەوامیی شانۆکەیان و خۆ رزگارکردن لە بێکاری، کە بەرۆکی بەشێکی زۆری شانۆکاران و دەزگاکانی شانۆی ئەو وڵاتەی گرتۆتەوە، دەبێ گەلێك بەندبازی سیاسی و ناسیاسی لەئاڵمان و دەرەوەی ئاڵمان بکەن.

ئەگەر شانۆی ئەن دێر روهر بیتوانیبایە لەلایەنی مادییەوە خۆی بژێنێ، رەنگە هیچکات توخوون مەلاکانی ئێران و سەدام نەکەوتبایە، کە لەناو رۆشنبیران و هونەرمەندانی ئێران و ئاڵماندا بێزراون، مەگەر ئەوەی باوەڕی سیاسی و ئیدۆلۆژیك ئەوانی بۆ لای مەلاکانی ئیسلامی و سەدام کێشابێ، کە ئەوەیان جێگای داخ دەبێ ئەگەر وابێ.

چولی ئەو کارو پێوەندییانەی لەگەڵ ئەو رژێمانە بەکاری فەرهەنگی دەقەبڵێنێ یان دەیانفرۆشێ. بۆ وێنە ئەو شانۆنامەکانی ئوروپی لەبەر خاتری دڵی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی فستیواڵی فەجر وا دەگۆڕێنێ و ئادابەتەیان دەکا کە رەنگی ئوروپیی ئەم سەردەمەو سەدەکانی پێشووی فەرهەنگی کۆمەڵگەی ئاڵمان و شانۆی ئەو وڵاتەی پێوەنامێنێ. شانۆگێڕی ئاڵمانی شانۆی ئەن دێر روهر نە تەنیا لە پەڕۆ سیپاڵی رەش دەپێچرێن، بەڵکو بە قەدەغەکردنی کۆنتاکتی لەش لێیان، تەنانەت وێککەوتنی دەستی ژن و پیاو یان لەباوەشگرتنی باوك و کچ و خوشك و برا، دەکرێنە مەلعەبەی دەستی مەلاکانی ئێران و ئەستەتیکی لەش و جوڵەو جوانیی هونەری شانۆگێڕییان لێ زەوت دەکرێ و دەکوژێندرێ. هەمووی ئەوانە لەبەر ئەوەیە کە سەکۆکانی تاران و دۆلارەکانی مەلاکان ببێتە پشتوانی ماڵیی شانۆی ئەن دێر روهر. ئایا ئەوەیە فەلسەفە بەرزەکەی دوکتۆر چولی؟

**چولی و رژێمەکانی ئێران و عیراق:**

چولی لەدرێژەی فەرمایشتەکانی خاتەمیدا، باسی لە گفتوگۆی فەرهەنگەکان و شارستانییەتەکان دەکرد و بەچەشنێك ببووە دەمڕاستی هونەری خەتی خاتەمی و وەزیری ئێرشادەکەی ئاغای مهاجرانی. شانۆی ئەن دێر روهر دەوری پایگای بۆ بەڕێوەچوونی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەڕێگای شانۆوە پەیدا کردبوو. بانگکردنی ئاڵمانیگەل بۆ فستیواڵی فەجر لەڕێگای دەزگاکەی چولییەوە سەری دەگرت. ئەوان چاوساخی ئاڵمانییەکان بوون بۆ بەشداریکردن لە فستیواڵەکانی ئێران. هەمووی ئەوانە لەکۆمەڵگای ئاڵمان بە"گفتوگۆی تەمدونها" دەفرۆشرا، شارستانییەتێك کە تەنیا یەك لایەن خۆی بەسەر لایەنەکەی تردا فەرز دەکرد، ئەویش لەڕێگای دۆلارەوە، دەنا کام ئاڵمانی فەرهەنگ و هونەری دوورو نزیکی خۆی و شانازییەکانی شانۆیی وڵاتەکەی وەلادەنێ بۆ بەشداریکردن لە فستیواڵی فەجر؟. لە هەموو دنیا باوە کە گروپەکانی شانۆ هەر هونەرێکی تر لە فستیواڵەکان بەشداری دەکەن بۆ ئەوەی هونەرو فەرهەنگ و زمان و ئەستەتیك و تەجروبەی شانۆیی و

هونەریی خۆیان پێشکەش بکەن، بەڵام فستیواڵی فەجری ئێران بەپێچەوانەی هەموو عورفەکانی جیهانی بەڕێوەدەچێ و ئاغای چولیش بەشداری هەر ساڵەیەتی. ئایا ئەوە کاری فەرهەنگی و ڕێزدانان و فەرهەنگە، یان هەر زانخڕکردنی هونەرو فەرهەنگە؟

**مۆنۆلۆگی کۆماری ئیسلامی و شانۆگەریی ئاڵمانی:**

لەنێوان تاران و شاری مولهایم و شانۆی ئەن دێر روهر گفتوگۆی فەرهەنگ لەگۆڕێدا نەبوو، بەڵکو مۆنۆلۆگی کۆماری ئیسلامی لەگۆڕێدا بوو. فەرهەنگی ئاڵمانی و شانۆی ئاڵمان بەلانی کەمەوە پاش سەردەمی ڕێنسانس ئەو چەشنە شانۆیەی نەبووە، کە ئایین بۆی دیاری بکات کە شانۆگێڕ لەسەر سەکۆی شانۆ چۆن بجوڵێتەوە. چولی داب و دەستوری ئیسلامی خومەینی و ڕژێمەکەی فەرزەکرد بەسەر ئەو شانۆگێڕانەدا کە بەشداری فستیواڵی فەجریان دەکرد، هەروەها هەموو ئەو گروپە شانۆییانەی کە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەڕێگای شانۆی چولییەوە دەهاتنە ئاڵمان، بەپێی فەرهەنگی ئاڵمان و دابونەریتی ئەو خەڵکەو شانۆی ئەو وڵاتە نەدەجووڵانەوە، بەڵکو هەر ئەو جۆرە هەڵسوکەوتیان دەکرد، کە لەسەر سەکۆکانی تاران پیشەیان بوو، ئەوەش جگە لە مۆنۆلۆگی کۆماری ئیسلامی ناوی تری نییە.

کۆماری ئیسلامی ئێران هەم لە وڵاتەکەی خۆیدا دیاریی دەکرد، کە شانۆگێڕانی ئورووپی چۆن لەسەر شانۆ بجوڵێنەوەو هەم لەدەرەوەی ئێران دیاریی دەکرد شانۆکارانی ئێرانی چۆن لەسەر سەکۆی شانۆ هەڵسوکەوت بکەن. چولی ئەوە بەگفتوگۆی تەمەدون تێگەیشتووە.

**شانۆی جیهانی و باسەکەی ئێمە.**

لە مامەڵەی چولی و ئێراندا تەنیا یەك شت دەمێنێتەوە کە پێوەندیی بە شانۆوە هەبێ، ئەویش تەکنیکە، کە شانۆی ئەن دێر روهر ناگاتە ڕادەی شانۆی بەرلین (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، لایپزیك، هامبورگ، کۆڵن، فرانکفۆرت و مونیخ. ئەو تەکنیکەی کە شانۆی مولهایم ئەن دێر روهر لەڕاهێنانەکاندا بەکاریدەهێنن بەتایبەت لەبەشی شانۆی لاوان و شانۆپێداگۆگی، کە چەند جارێك لە تاران لە سەفارەتی ئاڵمان بەکاریان هێناوەو لەشانۆکەی خۆیان بەکاریدەهێنن، تەنیا ئیستانداردی خۆیانەو دوورە لە ئیستانداردی باوەڕپێکراو، ڕاهێنانی شانۆگێڕیشیان لەلایەن کەسانێکەوەیە کە هیچیان لەو ئاستەدا نین، کە بەناوی ئیستانداری ئاڵمانی باسی بکرێ.

بریا کاك موحسین و هەواڵانی بۆ خەڵکیان روون کردبایەوە کە چی لەشانۆی مولهایم ئەن دێر روهر جیهانییە. عیمارەتەکە، ڕاهێنەرەکانی، شانۆگێڕەکانی، سەبکی کارەکەیان، تێڕوانینیان لەسەر هونەرو فەلسەفەی هونەرو کاری شانۆ! هەروەها چی ڕۆبێرتۆ دەکاتە مرۆڤێکی جیهانی شانۆ؟ ئەم پرسیارانە بۆ بێڕێزکردنی کارو تێکۆشانی هاوکاران و ئازیزانی زەحمەتکێشی شانۆی ئەن دێر روهرو شەخسی چولی نییە، کە من لەنزیکەوە دەیانناسم و لەڕێگای ناوەندی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمانەوە هاوکارو هاوپەیمانیان بووم. ئەم پرسیارانە رووی لەخۆمان و ئەو بەڕێزانەیە کە باس لەشانۆی جیهانی دەکەن. پێناسەی کاك موحسین محەمەد بۆ جیهانی بوونی شانۆو شانۆی مولهایم

ئەن دێر روهر چییە؟ تەنیا ئەوەی چولی ئیتاڵییەو لەئاڵمان کاری شانۆیی دەکات و چۆتە سەر سەکۆکانی شانۆی تاران و بەغدا، ئەو دەکاتە مرۆڤێکی شانۆی جیهانی؟

جوگرافیا دیاریی ناکات چی جیهانییەو چی نییە. سینەمای هیند جیهانییە، شانۆی ژاپۆنی جیهانییە، لەبەر ئەوەی لەبواری فکرو ئەستەتیک، تەکنیک و کارو ئاستی تواندندا خاوەنی ئیستانداردی باوەڕپێکراوی خەڵک و کۆمەڵگای هونەرو فەرهەنگی جیهانین، لەبەر ئەوەش کە رۆژانە لەلایەن دانیشتوانی قارەکانی جیهانەوە دەبیندرێن، دەبیسترێن و بوونەتە پێخۆری رۆژانەی فەرهەنگی ئینسانەکان و لەعەینی کاتدا بەرهەمێکی هیندی و ژاپۆنیش ماونەتەوەو هەر هیندی و ژاپۆنی بوونەکەیان ئەوانی کردۆتە جیهانی، هەروەک چۆن مۆسیقای ئافریقا بۆتە جیهانی و بۆتە مۆسیقای رۆژی خەڵکان بەفەرهەنگ و زمانی جیاوازەوە، بەهەمان شێوە شانۆگێڕو دەرهێنەرو درامانووس و.. لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە، دەتوانن بن یان نەبن. باش وایە کاک موحسینیش بۆ بینەران و خوێنەرانی قسەکان و نووسراوەکانی خۆی روونیکاتەوە کە مەبەستی ئەو لەجیهانی بوون لەپێوەندی لەگەڵ باسەکەدا چییەو چۆنا وچۆن ئەم پەنجەرە جیهانییە بەرەو رووی شانۆی وڵاتەکەماندا کراوەتەوە؟

**فستیوالەکانی شانۆی ئێران و بەشداریی ئاڵمانییەکان:**

بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێز، تەنیا یەک نموونە دێنمەوە لە بۆچوونی هونەرمەندانی شانۆی ئاڵمان و وڵاتانی ئورووپی بەرانبەر بەو وڵاتەی کە چولی پێیوایە دیالۆگی لەگەڵدا دەکات. یەکێک لەدۆستانی نزیک کە بەرپرسی چەند فستیوالێک بوو لەتاران، چەند جارێک داوای لێکردم دەعوتنامەی ئەو فستیوالانەی کە لەتاران بەڕێوەدەچن بگەیێنمە ناوەندەکانی شانۆو گروپەکانی شانۆی ئاڵمان و چەند وڵاتێکی ئورووپی. ئەم کارە بۆ من کە لەناوەندی شانۆپێداگەکانی ئاڵمان کارم دەکردو بەرپرسی بەشی ناونەتەوەیی و فرەکولتوری شانۆ بووم، بەهاسانی لوا. ئەو دەعوەتنامانە لەڕێگای نامەو ئیمەیل و تەلەفون و پۆستەوە بۆ زیاتر لە600کەس و ناوەندی شانۆیی ئاڵمان و وڵاتانی ئورووپی بەڕێکرا، لەوەڵامی داواکەدا تەنیا یەک گروپ لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا وەڵامیان داوەو ئەو گروپەش بەشداریی نەکرد، واتە ئێران پاش هاتنە سەر کاری رژێمی مەلاکان ئیتر ئەو وڵاتە نەبوو کە هونەرمەندانی جیهان وەک پیتر بروک و مارسل مارسۆو کەسانی تر روویان تێ دەکرد.

**عیراق و چولی**

هاتنی شانۆکارانی بەعسی عیراقیش بۆ شانۆی ئەن دێر روهر جگە لە پروپاگەندە بۆ دەوڵەت و سیستمی داڕزاوی سەدام شتێکی هونەری و فەرهەنگیی تێدا بەستە نەبوو. سەفەری چولی بۆ عیراق و هاتنی شانۆی بەعسییەکان بۆ مولهایم بەشێوەیەکی بەربلاو کەوتە ژێر رەخنەی میدیای ئاڵمان و هونەرمەندان. چولی هێندە خۆی مولتەزم نیشان دەدا تەنانەت لەگفتوگۆی شەوی پێشکەشکردنی کاری گروپی عیراقییەکاندا، ئیزنی بە کوردەکانی باشور نەدا دژ بە سەدام و رژێمەکەی و سیاسەتە فەرهەنگییەکەی قسە بکەن، هەڵوێستێک کە لە حاند ئێرانیش ساڵانە پەیڕەوی دەکات. لێرەدا دەبێ

لەكاك موحسین بپرسین كە چەپ بوونی چولی لەكوێدا دەردەكەوێ، كایە بە وشەكردنی راستو چەپو ئارمی شانۆكەیان نیشانەی كوردستاندا دەنا، تا رونتر ئاگاداری رێكەوتنەكانی هەردوولا بین.

چولیو گروپەكەی مافی خۆیانە لەگەڵ رژێمی ئێرانو عیراقو هەر شوێنێكی تری جیهان مامەڵەی فەرهەنگی بكەن یان نەكەن، بەڵام نابێ تۆز بەچاوی خەڵكدا بكەنو نابێ سنووری فەرهەنگو دژە فەرهەنگو هونەرو دژە هونەر بشێوێنن. چولیو وەفدەكانی شانۆی كوردستانو كاك موحسین دەبێ خەڵكی روونكەنەوە، كە چ هاوبەشییەك لەنێوان رژێمی سەدامو كوردستاندا هەیە، كە كەسێكی وەك چولیو گروپەكەی دەتوانێ لەگەڵ هەردووك لا بۆ یەك مەبەست پرۆتۆكۆل ببەستێ؟ هەروەها بێ زەرەر نابێ ئەگەر چولی بۆ خەڵكی كوردی رۆشن كاتەوە، كە ئەو كارە "فەرهەنگییە جیهانییە" ئەو چ بنەمایەكی ئەخلاقیو فەرهەنگیی هەیە، كە دەتوانێ لەگەڵ سەركوتگەرو سەركوتكراودا لەیەك ئاستدا ئەنجام بدرێ. بێگومان ئەگەر چولی بۆ ئەو كارەی مەبنایەكی فەلسەفیی تازە یان كۆنی هەبێ، پرسوود دەبێ كە بەخەڵكیشی رابگەێنێ، ئەم پرسیارەش بێ وەڵامە، كە چۆنە زیادە لەو هەموو ناوەندانەی شانۆی ئاڵمان راست ئەن دێر روهر دەبێتە هاوپەیمانی شانۆی كوردستانو بەرپرسانی شانۆی كوردستان.

چولی مرۆڤێكە كە بیر دەكاتەوەو لەوەش كە فەلسەفەی خوێندووە، دەتوانێ خەڵك بەلای راست و چەپو خاسو خراودا بەرێ، هەروەك چۆن هەر ئینسانو هەر فەیلەسوفێكیش ئەو دوو لایەنەیان بۆ هەڵبژاردن هەبووەو هەیە. بەرپرسیارەتیو كارتێكردنی كەسێكی ئاساییو فەیلەسوفێك، هونەرمەندێكو فەرهەنگسازێك هاوسەنگ نین. مەترسیدارە ئەگەر فەیلەسوفێك یان هونەرمەندێكی جیهانی لارێ بچێو خەڵكیش بەشوێن خۆیدا راكێشێ.

بێگومان ئەگەر چولی لەبەرلینو كۆڵنو شارەكانی تر یان هەر لەشانۆكەی خۆی وەك بیرمەندێكو شانۆوانێك مابایەوەو مەجبور بەكاری بوروكراتیكو مامەڵاتی سیاسی هەرزان قیمەت نەبایە، هەم بەرهەمی فكری قورسو قایمتری دەبوو و هەم كەسایەتیی هونەریی بەرزترو باڵاتری پەیدا دەكردو رەنگە یەكێك لەئەستێرەكانی شانۆی جیهانیش بایە، كە بێگومان پیرۆزی دەبوو، لەو حاڵەدا دەبوو لە كوردستان فەرشی سووری لەبەرپێیدا راخرێ.

بەشی زۆری ناوەندەكانی شانۆیی خسووسیو تەنانەت دەوڵەتی ئاڵمان گرفتی جیدیی ماڵییان هەیەو داهاتوویان لەمەترسیدایەو بێكاری لەرێیاندایە، هەر بۆیە ئەگەر ئیمكانێكی ماڵییان بۆ دەستكەوێ رەنگە چاوی لێ نەپۆشن، چولیش راست بۆ ئەو مەبەستە روو دەكاتە ئێران، دەنا ئەگەر دیالۆگی هونەریو فەرهەنگی مەبەستی سەرەكیی چولیو گروپەكەی بایەو چولی بەپێی قسەكەی كاك موحسین چەپو دژی ئامریكا بایە، دەبوو ئاوڕ لەوڵاتانی بێ دەرەتانو فەقیر بداتەوە نە لەوڵاتانی دەوڵەمەنی دیكتاتۆری تەریك ماوە لەجیهاندا، وەك ئێرانو عیراقی سەدام، كە هەموو شت بەپارە دەكڕنو دەفرۆشن لەوانە هونەرو هونەرمەندا. هیوادارم كارو هاوكاریی نێوان شانۆی ئەن دێر روهرو وەزارەتی رۆشنبیریی كوردستان، كە وڵاتێكی دەوڵەمەندی پڕ لەدۆلارە، لەسەر هەمان پێوانەی ئێرانو عیراقو چولی نەبێ.

سەیر ئەوەیە چولی مەیلی ئەوەی نییە کە گفتوگۆی فەرهەنگی لەگەڵ هاوولاتیانی خۆی لەئاڵمان بکات، ئەوە بەپێویست نازانێ کە لەولاتی ئاڵمان بەزمانی ئیتالیایی کاری شانۆیی بکات، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لەنێوان چولی و ولاتەکەی خۆی ئیتالیادا دیالۆگی هونەریو فەرهەنگی روونادا، بەلام دیالۆگ لەگەڵ ئێران و عیراق و ئێستاش کوردستان بەپێویست دەزانێ، کوردستانێك کە بەر لەرووخانی سەدام بۆ جەنابی چولی گرینگ نەبوو.

چولی لەنێو هاوولاتیانی خۆی لە ئاڵمان نەناسراوەو لەئیتالیاش ناوێکی ناسراو نییە!! ئەوەش تەواو بەپێچەوانەی هاوولاتیەکەی ئۆژینۆ باربایە، ئەو کە لەهەموو جیهان بەناوو دەنگەو خاوەنی سیستمی تایبەتی شانۆو راهێنانی شانۆگێرەو ئانترۆپۆلۆژی شانۆ بەو نیسبەت دەردرێ و کۆمەڵێك کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر شانۆی ولاتانی جیهان هەیەو خاوەنی مەدرەسەی "ئۆدین تئاتر"ە لە دانمارك و یەکێك لە بەڕێوەبەرانی فستیوالی "ئاونیون"ی فەرانسایە لەگەڵ پێتر بروك.

فستیوالی "جادەی ئاوریشم"یش فستیوالێکی جیهانی نییەو تەنانەت لە ئاڵمانیش ناسراو نییە، هەرچەند لەولاتانی تریشەوە گرووپی شانۆیی بەشداریی تێدا بکەن. سالانە دەیان فستیوالی لەو چەشنە لەشارەکانی ئاڵمان بەرپا دەکرێن، کە هیچیان لەو رەدەیەدا نین وەك فستیوالی جیهانی بەناو بکرێن. رەنگە یەکێك لەرەخنەکان کە شانۆکارانی دەرەوەی ولات دەگرێتەوە ئەوە بێ کە لەماوەی 50سالی رابوردودا زانیارییان لەسەر شانۆی ئەو ولاتانەو ئاستی شانۆیی و ئاستی فستیوالەکان بەخوێنەرانی کوردستان نەدابێ[5]، هەر بۆیە، رەنگە نەکرێ رەخنە لەدیدو بۆچوونی ئازیزانی شانۆکاری ولات، لەوانە کاك موحسین بگیرێ، ئەوە ئەرکی ئێمەمانان بوو کە زانیاری لەسەر ئەو ولاتانەو شانۆکانی بگوێزینەوە سەر زمانی کوردی، هەرچەند رەنگە ناوەندەکانی کوردستانیش وەرگرتنی زانیاری لەکوردەکانی دانیشتووی ئەوروپا بەپێویست نەزانن.

سەرەڕای هەموو ئەو گفتانە پێوەندیی کاریو هونەریو دۆستانە لەگەڵ هونەرمەند چولی و شانۆکەی کارێکی نامەربووت نییەو مافی هەر کەس و لایەن و دەزگایەکە لەکوردستان کە پێوەندی لەگەڵ کەس و کەسان و ناوەندەکانی شانۆیی و هونەریو فەرهەنگی و زانستی بگرێ و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و هونەری پێکەوە بێنن، بەلام ئەگەر دۆستان پێیان وابێ کە لەرێگای چولی و شانۆکەی پرۆتۆکۆل ئیمزاکردن لەگەڵی، گرفتەکانی بنەڕەتی و فکریو ساختاری شانۆی کوردستان چارەسەر دەکرێ و چولی و شانۆکەی دەتوانێ یارمەتیدەربێ، بەلاڕێداچوون.

**شانۆی کوردستان و دوا پەیڤ:**

ئەوەی شانۆی کوردستان پێویستی پێیەتی بەر لەهەر شت دیاریکردنی گیروگرفتەکان و پێداویستییەکان و ستراتیژی هونەریو فەرهەنگی و شانۆیی کوردستانە، کە بۆ ئەوە دەکرێ لە ئیمکاناتی زانستی و فەننی و تەکنیکی و هونەریو تاقیکردنەوەکانی ئەوروپا کەڵك وەرگیرێ. شانۆی چولی نە زانستگایە، نە مەدرەسەی بەرزی شانۆیە، نە ناوەندێکی جیهانی شانۆیەو نە دەسەلاتێکی رەسمیی شانۆیە، ئەو شوێنە یەکێکە لەسەدان شانۆی ئاڵمان و دەکرێ بۆ وێنە خاوەن پرۆتۆکۆل بێ لەگەڵ یەکێك لەشانۆکانی کوردستان. وەفدی شانۆی کوردستان دەیتوانی لەپاڵ سەردانی شانۆی چولی لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەلاتداری دەوڵەتی و زانستی و فەرهەنگی و شانۆیی و

ئیدارەکانی باڵای شانۆو هونەر، بیروڕا بگۆڕێتەوە بۆ ئەوە بەشێوەیەکی سیستیماتێك هاوکاریو یارمەتیی کوردستان لەو بوارەدا بکرێ. ناردنی دوو کەسو چەند کەس بۆ شانۆی چولىو دەرهێنانی شانۆیەك لەشاری دهۆك یان شارێکی تر لەلایەن یەکێك لەکارمەندانی ئەو شانۆیەوە چە تەوفیرێکی هەیە لەگەڵ هەمان کار کە هەر ئێستا لێزانێکی وەك دوکتۆر فازل جاف یان کەسانی تر لەکوردستان دەتوانن زۆر باشتر بیکەن؟.

شانۆی کورد لەباشوری کوردستان تەنیا دەتوانێ لەسەر دەستی لێزانو پسپۆڕانی شانۆی کورد لەسەر بنەمایەکی زانستیو ئەمڕۆیی بە پشتبەستن بەهەموو توخمەکانی فەرهەنگیو هونەریو کەسایەتیی نەتەوەی کوردو بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی باشوری کوردستان ڕێگاچارەی بۆ بدۆزرێتەوە، یەکەم هەنگاویش دەتوانێ کۆنفرانسێکی تایبەتی لێزانو پسپۆڕانی بوارەکانی شانۆی کورد بێ بۆ داڕشتنی پلانێکی درێژخایەنو کورتخایەن. لە پلانێکی وادا چولىو شانۆی ئەن دێر روهرو دەیان شانۆی تر دەتوانن جێگای خۆیان هەبێ.

**ژێدەر:**

1. (ئەندەر رۆهەر پەنجەرەیەکە بەسەر شانۆی کوردییەوە) ئەوە سەردێڕی نووسراوەکەی نووسەرە لە گۆڤاری رامان-داو ئەوەی ئایا پەنجەرە بە ڕووی شتێکدا دەکرێتەوەو یان بەسەرێدا دەکرێتەوە، من نازانمو دەبێ زانان لێکی دەنەوە. هەروەها نەمزانی مانای ئەم رستەیە چییە. "پەنجەرەیەکە بەسەر شانۆی کوردییەوە".

2. ئەم بابەتە 15 رۆژ بەر لە چاپی رامانی ژمارە (112) ناردرا بۆ بەرپرسانی ئەو گۆڤارە، بەڵام چاپنەکرا.

3. وتەکانی جەنابیان لەگفتوگۆی تەلەفزیۆنیدا (زاگرۆس تی وی).

4. نووسەری ئەم دێڕانە بەهۆی پرۆژەی هاوبەشی نێوان "ناوەندی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمان"و شانۆی ئەن دێر روهر شاری مولهایم، بەهۆی لە ئەستۆبوونی بەرپرسیارەتیی راستەوخۆی پرۆژەکە لەنزیکەوە ئاگاداری شانۆی ئەن دێ رهرو چولىو هاوکارانیەتی.

5. نووسەری ئەم دێڕانە هەر لە گۆڤاری رامان-دا چەند جارێك باسی ناوەندەکانی شانۆی جیهانیو ئاڵمانو فستیوالەکانی کردووە، بەڵام بێگومان ئەوە زۆر کەمتر لەوەیە کە دەبوو کرابا.

**ئەم وتارە تەعبیر لە ڕای نووسەرەکەی دەکاتو وەکو بیروباوەڕی ئازاد بڵاویدەکەینەوە.**

"ئایندە"